**راگەیاندنی ژمارە _ 1 _**

**پەیوەست بوونی پینج ڕیکخراو لایەن بە کەمپەینی مەریوان هەلەبجەی یەوە !**

**دوابەدوای بانگەوازی کۆمیتەکانی ئازادی بیروڕادەبرین .... لە وولاتانی نەرویج ، استیرلیا ، ئەلمان هەروەها کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال ، چەندین ڕێکخراو لایەن و کەسایەتی بەم بانگەوازەوە پەیوەست بوون کە لیرەدا ژمارەیەکیتان دەخەینە بەردەست . دیارە مەبەستی ئەم هەلویستگرتنە داکۆکی کردن لە ئاسایش و ماف و ئازادیەکانی مەریوان هەلەبجەی و پاشەکشە پیێ کردن بە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان کە ئەم هەلویستە هاوکات داکۆکی کردنە لەئازادی بیروڕادەربرین وئازادی بەیان و ڕەخنەگرتن، هەر لیرەدا لەگەل بلاوکردنەوەی راگەیاندنی هاوبەشی ئەو لایەنانەدا هاوکات جاریکی تر بانگەوازی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ پەیوەست بوون بەم کەمپینەوە بۆ داکۆکی کردن لە مەریوان هەلەبجەی و ماف وئازادیەکانی .**

**کەمپەینی داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕادەربرین / مەریوان هەلەبجەی**

2006/ 2 / 10

# بەشەریەتی ئازادیخواز پێویستە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی ڕادەبڕین، لــەبەرامبەر ئیسلامیەکــان و ڕاسیستەکــاندا ڕابواستێ!!

ئیسلامیەکان بۆ بەڕێخستنی ناڕەزایەتیەکی هیستێریکانەی نێونەتەوەیی. بە شێوەیەکی گشتی ئەم حاڵەتە توندو تیژی لێکەوتەوەو لەهەمان کاتیشدا هێمایەکی رۆشنی دا بۆ بێدەنگ کردنی ئەو کەسانەی کە تەنانەت وێراشیان پۆرترێتێکی محمد بکێشن.
لەو خۆپیشاندانانەدا کە لەسەرانسەری دنیاو لەم لەندەنی دڵی ئەوروپایەشدا بەڕێ خرا، شیعارە بەرزکراوەکان بریتی بوون لە بانگەوازێکی شەرماوەرانەو هاوارێکی جەنگی، لەوانە وەک " ئەوانەی کە سوکایەتی بە ئیسلام دەکەن ئەبێت ملیان لێ بکرێتەوە" یان " ئازادی بۆ دۆزەخ"و زۆرێکی تر لەو فەتواو هەڕەشانەی لەدژی ئەو هونەرمەندانەی کە کاریکاتێرەکانیان کێشاوەو ئەوانەشی کە بەبێ هۆ "سوکایەتی" بە ئیسلام دەکەن.

ئەمە یەکەم جار نیە کە ئەم هێزانە هێرش دەکەنە سەر مەفەکانی خەڵک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، زۆرێک لە نوسەران، گۆرانی بێژان، تەنانەت سەرتاشەکان و دکتۆرەکانیش بەدرێژایی ئەم سی ساڵەی دوای کرانە نیشانەی ئەم هێزانە، ژنان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەبیانووی پارێزگاری کردن لە " شەرەف"ی ئیسلام کۆیلەکران. هاتوهاواری ئێستای ئەم هێزانە لەپەیوەند بەم کاریکاتێرانە لە دەرپرینە سادەکەیدا بریتیە لە بەڕێ خستنی کەمپینێکی هەمەلایەنە بەمەبەستی هێرش کردنە سەر ئازادی بیروڕا دەرپرین، ئەوان دەیانەوێت ئەوروپا بکەنە مەیدانی جەنگی بۆ بیروباوەڕە بۆگەنەکەیان.

بۆ هەر کەسێک کە ڕێز بۆ خۆی دادەنیت، گرنگە ئاگاداری ئەو پیلانە بێت کە لەپشتی ئەم هێرشەوە وەستاوە بۆ سەر ئازادی بیروڕادەرپرین، وە باوەڕیش بکات کەئەمە بەشێکە لەداسەپاندنی یاسای ئیسلامی بەسەر دنیادا. ئیسلامی سیاسی بەشیوەیەکی ڕێکخراو کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگیەکی هێز لەم کەمپینەی بەڕێی خستووە بۆ هێرش کردن بۆ سەر دەسکەوتەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە پێشکەوتووخوازەکان کە بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو لەخەباتدا بوون بۆ بەدەستهێنان و بردنەپێشەوەی سکولاریزم، ئێستا دەیانەوێت و لەژێر چەتری "فرە کولتوریدا" کە هاندەرێکی باشە بۆیان، گەشەبکەن و تاوانەکانیان بەدژی خەڵکی هاودینی خۆیان و کەسانێکی تر کەسەر بەعەقیدەی ترن، تەنانەت بێدینەکانیش ببەنە پێشەوە.

کەمپینە کۆنەپەرستانەکە بەسەرئەنجام گەشت و بووە هۆی تورەیی زیاترو وەڵامدانەوەی ڕاسیستانەی خەڵکانێکی سەر بە بەرەی ڕاسیزم وەک "نیک گریفین"، لیدەری حزبی نیشتیمانی بەریتانیا، فاشیست ترین ڕێکخراوێک کە دژایەتی کوێرانەی پەنابەران و سەررەشەکان دەکات لە بەریتانیا.

ئیسلامی سیاسی لەلایەن دەوڵەتە رۆژئاواییەکانەوە پەروەردەکرا، ئەوان رژێمی ئیسلامی ئێرانیان بەدەسەڵات گەیاندو یارمەتیدەری مانەوەی دەسەڵاتی تاڵیبان بوون لە ئەفگانستان. "تولارانسی" ڕیاکارانەیان ودەست لەملان کردنیان لەگەڵ کولتورە دواکەوتووەکاندا و لەژێر چاودێری تێزی" فرەکولتوریدا"، جیاوازی دینی رەواج پێداوەو نەوەیەک لە کەسانی توندڕەوی مێشک شۆردراوی بێ ناسنامەیان پەروەردەکردووە کە خود بەخود بونەتە لایەنگری ئیسلامی سیاسی. ئەم سیاسەتە دوو فاقییەی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان ناتوانێت ئەم گروپانە ڕابگرێت وە ناشتوانێت هەر بەم سیاسەتە دووفاقیەی خۆی بێدەنگەیان پێ بکات.
تەنها هێزێک کە دەتوانێت سەرکەوتوانە بەرامبەر ئەم هێرشانە ڕابواستێ کە دەکرێتە سەر دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی، هێزی بەشەریەتی موتەمەدینی دنیایە، ئەرکی ئێمەیە کە ئەم بەشە پێشڕەوەی پێشکەوتووخوازان، خەڵکانی مەدەنی، چەپەکان ڕێکخراو بکەین بۆ پارێزگاری کردن لەم دەسکەوتە بەنرخانەی مرۆڤایەتی، لەسەروو هەمووشیانەوە، ئازادی قسەکردن، ڕادەربڕین و ئازادی هەڵبژاردن و پاراستنی مافە فەردیەکان. پێویست دەکات ئەم مافانە بێ قەیدوشەرت بن، جیهانی بن، پێویستە ئیسلام وەک هەر دینێکی تر یان  سیستەمێکی عەقیدەیی تر، وا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە ڕەخنەی لێ بگیرێت، پرسیاری لەسەر بکرێت وە بە گیانێکی ڕەخنەوە هەڵسەنگێنرێت.
ئێمە بانگەوازی تەواوی ئازادیخوازان، ڕێکخراوەکان و کەسایەتیەکان دەکەین، کەبۆ ئەم خەباتەو بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادیە مەدەنیەکان و بەهێزکردنی ئەم سەنگەرە پێشکەوتووخوازانەیە، بەئێمەوە پەیوەست بن بەدژی هەردوو بەرە، بەرەی راسیزم و بەرەی فاشیزمی ئیسلامی لە ئەوروپا و تەواوی جیهان.

**بە کەمپینی ئێمەوە پەیوەست بن!**
بەمەبەستی فراوانکردنەوەی ئەم جەنگەو بۆ بەرگری کردن لە ئازادی بیروڕادەربڕین، چالاکی جۆراوجۆر لە لە لەندەن و شوێنەکانی تر بەردەوام دەبێت، لە زووترین کاتدا لە بارەی ئەم چالاکیانە ئاگادارتان دەکەینەوە.

- ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ لقی بەریتانیا. (OWFI)
- سەنتەری مافەکانی ژنان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. (MECWR)
- فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی. (IFIR)
- فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی. (IOIR)
- کۆمیتەی مافە مەدەنیەکانی ئێران. (Iran CRC)
- ڕێکخراوی ئازادی ژن لە ئێران. (OEWI)

**بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:**

**هۆزان محمـود**
مایل: houzan73@yahoo.co.uk
تەلەفون: 079 51 433386 - 079 56 88 3001

تێبینی: ئەم راگەیاندنە خۆی بە زمانی ئینگلیزی نوسراوەو ئاراستەی خەلکێک کراوە کە بەم زمانە ئاخافتن دەکەن، پاشان کراوە بە کوردی. ئەمەی خوارەوە دەقە ئینگلیزیەکەیەتی:

## Civilised humanity must take a stand in defence of freedom of expression, against Islamists and racists

The recent controversy over some caricatures of Mohammed gave the Islamists an opportunity to wage a hysterical protest internationally. In many cases, this took a violent form and was clearly aimed at silencing those who dared to even portray Mohammed.

In these demonstrations - across the world and in London, the very heart of Europe - many of the banners on show were emblazoned with shameful slogans. These included - “Those who insult Islam must be beheaded” and “Freedom go to hell” plus various other fatwa’s and threats against cartoonists and others who have the temerity to “insult” Islam.

This is not the first time these forces have attacked people’s rights in the Middle East and Europe. Many writers, singers, even barbers and doctors have been targeted in the last 30 years let alone the enslavement of women in the Middle East under the pretext of the defence of the ‘honour’ of Islam. The furore over these caricatures is simply an excuse to stage another worldwide campaign to attack the right of freedom of expression. They want to turn Europe into yet another battlefield for their foul ideas.

It is vital for all decent people to be aware of the agenda behind these attacks on the rights to expression, and belief - the aim is to impose Islamic law all over the world. Political Islam is coordinating on an international level to gain momentum in a campaign against the achievements of progressive social movements who, after centuries of struggle, have won many advances for secularism. They now want to gain a privileged status under the umbrella of ‘multiculturalism’ to excuse their crimes against Muslims, people of other faiths as well as non-believers.

This reactionary campaign complements and acts to provoke further racist responses from people like Nick Griffin, the leader of British National Party, a fascist organisation that targets non-indigenous people and non-whites in the UK.

Western governments have nurtured political Islam, helped the Iranian regime come to power and then maintained Taliban rule in Afghanistan. Their hypocritical ‘tolerance’ and embrace of regressions of “cultures” under the auspices of “multiculturalism” has promoted religious divisions and raised a generation of brain-washed fanatics with identity crises that adherence to political Islam. These compromised governments cannot stop such groups and cannot silence them any further via compromise.

The only forces that can successfully stand against these attacks on human achievements are those of civilised humanity of the world. Our task is to organise a front of progressives, secularists and leftists to defend these precious achievements of humanity - including freedom of speech, expression and freedom of choice, personal rights and liberties. This must be unconditional and universal and that must also mean that Islam, like any other religion or belief system, must be prepared to be criticised, questioned and critically evaluated.

**We call upon all freedom loving people, organisations and individuals to join us in this struggle to defend civil liberties and strengthen the progressive camp against the two poles of racism and Islamic fascism in Europe and worldwide.**

## Join our campaign.

*There will be a series of activities in London and elsewhere to publicise our fight for the protection of freedom of expression.*

*The details of these activities will be announced soon.*

-Organisation of Women's Freedom in Iraq-UK (OWFI)
-Middle East Centre for Women's Rights (MECWR)
-International Federation of Iraqi Refugees (IFIR)
-International Organisation for Iranian Refugees (IOIR)
-Iranian Civil Rights Committee (Iran CRC)
-Organisation for Emancipation of Women Iran (OEWI)

## For further information please contact:


**Houzan Mahmoud**

**Email: houzan73@yahoo.co.uk**

**Tel: 079 56 88 3001**
**Tel: 079 51 433386**